به دڵنیاییەوە خودا نەوەد ونۆ ناوی هەیە، هەرکەسێک لەبەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە نەوەد ونۆ ناوی هەیە، هەرکەسێک لەبەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئاماژە بەوە دەکات کە نەوەد ونۆ ناوی خوای گەورە هەیە هەرکەسێک لەبەریان بکات وباوەڕی بە ماناکانیان هەبێت وکردەوە بە ئاماژەکانی ئەم ناوانە بکات؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، ودروستە سوێند خواردن بە هەرناوێک لەم ناوانە، ئەو سوێندخواردنەی کە ئەگەر بشکێندرێت پێویستە کەفارەتەکەی بدرێت سوێند خواردنە بە خودا -سبحانە وتعالی-، یان بە ناوێک لە ناوەکانی: الرحمان والرحیم، یان بە سیفەتێک لە سیفاتەکانی: وەکو ڕووی پیرۆزی خودا -سبحانە وتعالی- ومەزنی وشکۆداری. ئەم فەرموودەیە ئاماژە بەوە ناکات کە خودا تەنها نەوەد ونۆ ناوی هەیە، لە فەرموودەی تردا هاتووە کە ناوەکانی خودا زۆرن تەنها خودا دەزانێت چەندن، بەڵکو ئەم فەرموودەیە ئاماژە بەوە دەکات کە نەوەد ونۆ ناوی خودا هەیە لە قورئان وسونەتدا بە دەق هاتوون وزانایان ولێکۆڵەرەوان بە پێی کۆشییان ئەم ناوانەیان دەرهێناوە لە قورئان وسونەت، لە قورئاندا: الرحمان، الرحیم، الکریم، المجید، ناوی زۆری تر، ولە سونەتدا: الوتر، السید، الستیر، وناوی زۆری تر، ونابێت ناوەکانی خوای گەورە لە سیفات وکردارەکانیەوە دەربهێندرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64673